# چاتکردن پردی

**چـــات کردن بریتیـــە لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاوی ئەم ســـەردەمە، بەتایبەت بۆتەمەنە تازەپێگەیشـــتوەکان و هەرزەکارەکان هەندێ جار بۆسەرووی ئەم تەمەنانەش دەبینرێ ڕەنگدانەوە چۆن دەبێت لەسەر تاك، .هەندێ لەخەڵك دەڵێن چاتکردن ســـوودی زۆری هەیە،چونکە بۆتە پردێك لەنێوان خەڵـــك بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوە .لەم بارەیەوە ڕاو بۆچوونی چەند کەسانێکمان وەرگرتووە .**

**(کاروان) تەمەنـــی «٢٥» لەمبارەیـــەوە دەڵێـــت:** «چاتکردن ســـوود و زیانی هەیە لەکەســـێکەوە تاکەســـێکی تـــر جیاوازی هەیە،بەداخەوە زۆر کەســـە بەشـــێوەیەکی نەفامانە نازانن بەکاری بهێنن ئەمانە زیان دەگەیەنـــن .دەتوانین بڵێین چات کردن بۆتە پردێك لەنێـــوان خەڵـــك بۆنموونە» ئەگەر کارێکت هەبێت بەکەســـێکی دوور یان نزیك لەڕێـــگای ئەنتەرنێـــت و بەهۆی چاتکردن یـــان ئیمێڵ ئـــاگارداری دەکەیەوەکارەکەت جێبەجێ دەبێ.

**دواتر (لاجان مســـتەفا) تەمەنی ١٨ ساڵەو ڕۆژانە ٥کاتژمێر چات دەکات لەگەڵ هاوڕێکانی دەڵێت:** «من کاتێك لەقوتابخانـــە دەگەڕێمەوە خوێندنەکەم تەواو دەکەم و شەوانەش چات لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم تا درەنـــگانێکی بەهۆی چاتەوە توانیم زۆر ترین هاوڕێ پەیدابکـــەم و هەروەها ڕۆژانە زانیاری تاز ەبەدەست دێنم.

**(نەشوان ئەحمەد) تەمەنی ٢٣ساڵە دەڵێت:** ڕۆژانە میوانی فەیسبووکم بۆماوەی ٩کات ژمێـــر لەگەڵ هاوڕێکانم قســـەدەکەم تاکو ئێســـتا لەفەیسبووك توانیومە ٤٠٠ هاوڕێ لەدەرەوەی کوردســـتان و ناوەوەی کوردستان پەیدابکەم و ڕۆژانە زانیاری وەرگرتن هەروەها قسەی خۆش لەگەڵ یەکتر دەکەین.

نەشوان ئاماژەی بەوەشدا، زۆر خەڵك ئێستا بەشـــێوەیەکی خراپ بەکاری دەهێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆپەروەردەی خێزان,

**هێدی پێوایە هەمووشـــتێك سوود و زیانی هەیـــە. دەڵێـــت:** گـــەر چات بـــەکار بێت بەشـــێوەیەکی ڕێك ســـوودی زۆری هەیە .چونکـــە دەتوانی لەڕێگای چاتەوە ڕۆژانە چەندین زانیاری بەدەست بێنی .من زۆرجار کاتێك بێزار دەبم چـــات لەگەڵ هاوڕێکانم دەکەم هەم بێزاریەکەشـــم نامێنێت و هەروەها زانیاری زۆریش بەدەست دێنم .



# نێوان گەنجانە



ئێستا بەهۆی چاتەوە گەنجان فێری زمانی بیانی بوون و سوودی زۆریان وەرگرتوە،

**لەم بارەیەوە،»نازە ئەحمەد« کە تەمەنی ١٧ساڵە قوتابییە بەهۆی چاتەوە فێری چەند زمانێکی بیانی بووە لەم بارەیەوە دەڵێت:** «ئەوە ماوەی چوارساڵە چات دەکەم سەرەتا چوومە نێو چاتە بیانیەکان چەند هاوڕێیەکی ئەندەنوسیم ناسیووە، رۆژانە قسەم لەگەڵ دەکردن .تافێری زمانی ئینگلیزی و ئەندەنوسی بووم لەگەڵیاندا ئێستا زۆر باش زمانی ئینگلیزی دەزانم رۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانم قسەدەکەم.

**هەروەها زۆر لەگەنجانیش دەڵێن بەهۆی چاتەوە کاتەکانمان بەسەردەبەین «ئاواز کەمال« کۆلێژی ئەدەبیاتی تەواو کردوە بەڵام دانەمەزراوە،ڕۆژانە کاتەکانی خۆی بەچاتکردن بەسەردەبات و وتی:**
من ماوەی دووساڵە کۆلێژم تەواو کردوە،ڕۆژانەدوای تەواوکردنی کارو باری ناوماڵ خۆم بەکۆمپیتەرو ئینتەرنێت خەریك دەکەم. لەڕێگای فەیسبوك و ئیمێڵەوە رۆژانە نزیکەی هەشت کات ژمێر لەسەر فەیسبووك دەبم لەگەڵ هاوڕێکانم قسەدەکەم .

**دواتر نارین محەمەد فەرمانبەرە لەیەکێك لەدامودەزگا حکومیەکانی کوردستان وتی** « من کاتێك دەچمە دەوام بێکار دەبم کاتەکەم بەچات کردن دەبەمەسەر و لەگەڵ هاوڕێکانم قسەدەکەم .هەروەها زۆرجار شەوانەش لەگەڵ براکانم قسەدەکەم کەلەدەرەوەدەژین .

جێگەی ئاماژە پێکردنە بەهۆی چات کردنەوە هەندیك لەگەنجەکان ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن،

**«نازك« دەڵێت:** من لەڕێگای چاتەوە توانیم کەسێك هەڵبژێرم .ئێستا کوڕێکم خۆش دەوێت کە لە دەرەوەی کوردستان دەژییێت. زۆرم خۆش دەوێت بەنیازە لە دوای سەری ساڵ بگەڕێتەوە ببینە هاوسەر و زۆریش باوەڕم پێیەتی.

## کچانی قوتابی کۆلێژ باس لە کێشەکانیان دەکەن:

# زۆربەی قوتابیان بەناڕاستەوخۆ دیلی داب و نەریتی کۆمەڵایەتین

**ئاشــکرایە کە کچانن لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا بە هۆکاری جیاجیای کۆمەڵایەتی تووشــی کێشــەو گرفت دەبن. زانکۆش لەهەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا ئەو مەڵبەندەیە کە تاکەکان لە بەهاو نەریتە نەریتیەکان رزگار دەکات بەهاو پەیڕەوی زانستی بە بەریاندا دەکات. بەڵام زۆرجار و لە زۆرێك لەحاڵەتەکاندا زانکۆ دەبێتە رەنگدانەوەیەکی کەلتووری و ئەو واقیعەی کە لەناو کۆمەڵگەدا باوە و بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە کاریگەری خۆی لێدەکات، جێگەی داخە زانکۆ بۆتە ئاوێنەیەك بۆ هەندێ لەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی نەویستراو و شتێکی روون. جا بۆ تیشك خستنە سەر لایەنێکی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانە ئەم ریپۆرتاژەمان ساز کرد.**

قوتابیانی زانکۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیلی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە بەسەرچووەکانن (ڕۆژان سەعدی) کە قوتابی کۆلیژی ئادابە وای دەبینی کەبەشــێکی زۆری قوتابیانی ناو زانکۆ ئەمڕۆ بەدەست داب و نەریــت و هەندێ بەهای کۆمەڵایەتی بێکەڵکەوە. دەناڵێنن، چونکــە ئــەو داب و نەریتانــە

توانیویانە ئەقڵی قوتابیانی زانکۆ کۆنتڕۆڵ بکەن. تاڕاددەیــەك دەتوانم بڵێم ئەمــڕۆ قوتابیانی زانکۆ بەشێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ بە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە دیل کــراون و هیــچ جۆرە

بیرکردنەوەیەکیان نەماوە، تەنیا ئەوەنەبێت کە داب و نەریت و بەهــا کۆمەڵایەتیەکان ڕێگە بەچی دەدەن ڕێگە بەچی نادەن.

هیچ ســەیر نەبێت بەلاتانەوە ئەمــڕۆ هەندێك لەقوتابیانی کــوڕ بگرە هەندێکیــش قوتابیانی کچ ئەوەندە بیرتەســك بوونــە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان کچێك جلێکی مۆدێرنی لەبەردابێت کە جلوبەرگێکی جیهانییە، ئەوا ئەوان زۆر بەتەوسەوە تەماشای دەکەن زۆر بە نە ریتێکی



دواکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. بگرە زۆر جار تیر و توانجی ئاڕاستە دەکەن و قسەو قسەڵۆکی بۆ وەدوادەخەن، ئەمە لەبەر ئەوەی ئەو کچە جلێکی مۆدێرنی لەبەردایە ئاوەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن وەك ئەوەی تاوانێکی ئەنجام دابێت.

کچێکی زانکۆ: ڕۆژێك هەندێك لە کوڕەکان دەیانویست بەدزیەوە وێنەم بەمۆبایل بگرن، چونکە جلێکی تەسکم لەبەردابوو.

(گوڵالە ئەسعەد) وای دەبینی کە ئەمڕۆ دەرئەنجامی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان ئەوەندەیان کاریگەری لەسەر قوتابیانی زانکۆ کردووە بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگ هێڵی سوورمان بۆکێشراوەو ناتوانین لەو سنوورە دەربچین کەبۆمان دانراوە. بۆنموونە ڕۆژێکیان جلوبەرگێکی مۆدێرنم لەبەرکردبوو هەستم دەکرد زۆر لە قوتابیانی ناو پۆلەکە بە کوڕ و هەندێك لە کچەکانیشەوە زۆر بەتەوسەوە سەیرم دەکەن لەبەر خۆیانەوە قسەی نا بەجێو و نارەوایان دەکرد و تیر وتونجیان ئاراستە دەکردم. کاتێك بەخۆمم زانی ژمارەیەك لە کوڕەکان دەیانەوێت بەدزیەوە وێنەم بەمۆبایل بگرن، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانەو بێ شەرمانە ئەمکارە دزێوە بکەن و پاشان وێنەکەم بەمۆبایل بۆکاری نابەجێ بەکاربێنن و مەرامە گڵاوەکانی خۆیان بهێننە دی.

ئەمڕۆ ئەگەر قوتابیەکی ناو زانکۆ بیەوێت سنووری نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بشکێنێت وەك تاوانبارێك تەماشا دەکرێت

(لینا عەلی) وای دەبینی کە ئەمڕۆ زۆربەی هەرە زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابیانی ناو زانکۆ دەرئەنجامی داب و نەریتی سەقەتی کۆمەڵایەتین، چونکە جێگەی داخە نەوەیەك هەن ئەوەندە پابەندن بە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان، ناتوانن بەهیچ جۆرێك بیبەزێنن کاتێك کەیەکێك دەیبەزێنێت وەك تاوانبارێك تەماشای دەکەن. هەرچەندە ئێمە هەوڵدەدەین تاڕاددەیەك بتوانین بەئارەزووی خۆمان ڕەفتار بکەین و مامەڵەکردنمان مامەڵە کردنێکی مۆدێرنانە بێت نەك لەسەربنەمای نەریتیی بێت. واتە ئەگەر کچێك جلوبەرگێکی مۆدێرنی لەبەرکردبێت، ئەوا زۆر بەشێوەیەکی نادروست تەماشا دەکرێت و بگرە تیر و توانجی نابەجێی ئاراستە دەکەن و تانەو تەشەری تێدەگرن و هەوڵ دەدەن وێنەیەکی بە ئامێری مۆبایل بگرن و دواتر بە کۆمەڵێك برادەری دەروون نەخۆشی وەك خۆیانی پیشان بدەن..

(ینار حنا) وتی: سەیریی هەڵسووکەوتی هەندێك گەنج لەوەدا دەبینم کەئەمڕۆ بەهۆی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە تاڕاددەیەك گەنجانمان وڵاتانی دەرەوە دەبینن و جلوبەرگی ئەو کچە عەرەب و ڕۆژهەڵاتیانە دەبینن کەچیان لەبەردایەو چۆن ئازادن لە لەبەر کردنی جلوبەرگیان و چۆن لە بازاڕ و پارك و کەناری ئاوەکان و شوێنە گەشتیارییەکان دا خۆیان ڕازاندۆتەوە و بەئارەزووی خۆیان جلك لەبەر دەکەن کەچی بۆ ئێمەی بە ڕەوا نابینن و ئەگەر کچێك جلوبەرگێکی مۆدێرنی لەبەرکردبێت، ئەوا زۆر بەشێوەیەکی نادروست تەماشا دەکرێت و بەلایانەوە شتێکی سەیردەبێت و بگرە تیر و توانجی نابەجێی ئاراستە دەکەن، لەبەر ئەوە

هەمیشە ئێمە ناتوانین بەدڵی خۆمان جلوبەرگی ئاڵوواڵا لەبەر بکەین و بەئارەزووی دڵی خۆمان، خۆمان بڕازێنینەوە و هەرشتێك بکرێت دەڵێن نابێت لەعورف و عادەت و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لابدەین..

(هێدی ئەحمەد) وای دەبینی کە ترسناکترین و بەهێزترین جۆری توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، ئەمڕۆ ئازاردانی ئافرەتانە بەوەی کە ناتوانن هەموو جۆرە جلوبەرگێك لەبەر بکەن تەنانەت لەزۆر کاتدا بۆیان دەستنیشانکراوە، چونکە سادەترین و کەمترین ماف لە مافەکانی ئافرەت ئەوەیە کە بتوانێت هەموو جۆرە جلوبەرگێك لەبەر بکات و ئازادی تەواوی هەبێت. هەروەها وتیشی: سالانی رابردوو ئێمە تەنیا لە توانج و قسەوقسەلۆکی گەنجەکان دەترساین و خۆمان لێدەپاراست، بەلام ئەمڕۆ ئێمەی ئافرەتان لەترسی ئەوەی کە گەنجێکی دەروون نەخۆش وێنەمان نەگرێت، ناوێرین هیچ جۆرە جلوبەرگێکی ئاڵو واڵا لەبەر بکەین و تەواو بووینەتە کۆیلەی دابوونەریتەکان. ئەمڕۆ ئێمە تەواو کەوتوینەتە ناو بازنەیەك لە نەهامەتیە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە داوادەکەم کەسنوورێك بۆئەوکەسانە دابنرێت کە کاری نابەجێ دەکەن و وێنەی کچە شۆخ و شەنگەکان بەمۆبایلەکانیان دەگرن و دواتر خۆیان و کۆمەڵێك دەروون نەخۆشی تری وەك خۆیان ناموسی ئەو کچە دەبەن و وێنەکەی بڵاودەکەنەوە و دەیەها کێشە بۆ ئەوکچە دروست دەکەن.





بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

# ناپاکی هاوسەری دەکەن کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەری لە پشتەوەیە

ئا: دیار سالار

خاتوو (هیرۆ محەمەد ئاغا) کە توێژەری کۆمەڵایەتییە وای دەبینی: کە ناپاکی هاوسەری گەلێك کێشەی لێدەکەوێتەوە بەتایبەتی بۆ ژنەکە و هەندێکجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنەی کە خیانەت لە هاوسەرەکەی دەکات لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکوژرێت و کەسوکاریشی سەرشۆڕ دەکات، بەڵام کاتێك کەپیاوێك خیانەت لە ژنەکەی بکات، هیچی لێناکرێت و تەنانەت بە ئازادی دەسوڕێتەوە. شایەنی وتنە لە هەرێمی کوردستاندا لەم چەند ساڵەی دواییدا ریژەی خیانەتی هاوسەری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردووکیان واتە هەردوو رەگەز ئامادە نین لەیەکتری تێبگەن، واتە پرۆسەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەبێ بەرنامە و لەکاتێکی وەهادا ئەنجام ئەدەن کە هێشتا تەواو لەیەکتری تێنەگەیشتوون.

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: پیاوێك کە کردەوەیەکی سێکسی دەکات لەیەك کاتدا خیانەت لەسێ کەس دەکات

خاتوو (چیمەن غازی) کە توێژەرێکی دەروونییە، ئاماژەی بەوەدا کە پیاوان هۆکاری سەرەکین لە خیانەتکردندا لە هەردوو رەگەز، چ ئافرەت و چ پیاو، چونکە کاتێك کەپیاوێك داوینپیسی لەگەڵ ئافرەتێکدا دەکات، خیانەت لەنزیکترین کەسی خۆی دەکات کەهاوسەرەکەی خۆیەتی، دووەمیان لەو ئافرەتەی کە فریوی داوەو داوێنپیسیەکەی لەگەڵ دەکات سێیەمیان لەو پیاوەی کەمێردی ئەو ئافرەتەیە کەداوێنپیسی لەگەڵ دەکات، واتا پیاوان خیانتکاری سەرەکین، چونکە پیاوێك کاتێك کە کردەوەیەکی سێکسی دەکات لەیەك کاتدا خیانەت لەسێ کەس دەکات. ئەوە پیاوانن بەزمانی لووس لەژنەکان دەپارێنەوە تا لەخشتەیان دەبەن، بەڵام دواتر وێنەیان بەڕووتی لەناو ئامێرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت بڵاودەکەنەوەو ئابرووی ئافرەتەکان دەبەن ئەمە باوەڕی خاتوونێك بوو کە لە هۆڵی دادگابوو خەریکی داوای تەڵاق بوو، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کەپیاوان ژنان دەکەنە قوربانی حەزو ئارەزووەکانیان، چونکە پیاوانن ژن و کچی خەڵك فریو دەدەن و لەخشتەیان دەبەن و دەیانکەنە قوربانی و بەزمانی لووس لەژنەکان دەپارێنەوە تا لەخشتەی دەبەن، بەڵام دوایی تیل و توانجی تێدەگرن و وێنەی بەڕووتی لەناو ئامێرەکانی مۆبایل و ئینتەرنیت بڵاودەکەنەوەو ئابرووی ئافرەتەکان دەبەن و لەبەر ئەوەی کە پیاوان خاوەنی هێزن لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا.

هەروەها خاتوونێك کەبەتاوانی لەشفرۆشی و خیانەت کردن دەستگیرکراوە ئاماژەی بەوەدا کە هۆکارێکی سەرەکی کە ئافرەتان کاری لەشفرۆشی دەکەن ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردەواری هیچ جۆرە لیبووردنێکی نییە بەرامبەر بەئافرەتە لەفرۆشەکان کاتێك ئەگەر ئافرەتێك لە هەموو تەمەنیشیدا تەنیا یەك جاریش کاری لەشفرۆشی بکات یەکسەر لەلایەن کۆمەڵگەوە بەتاونبار دادەنرێت واتا عەفوو ناکرێت تاوەکو بتوانێت وەك کەسێکی ئاسایی بژی، بۆیە ئافرەتەکە لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت و تاوەکو ئەو رۆژەی دەستگیردەکرێت لەلایەن پۆلیسەوە یان دەکوژرێت.

یەکێك لەو ئافرەتانەی کەبەتاوانی لەشفرۆشی لەدەزگای چاکسازی بەندکراوە وتی: سەرەتا من و مێردەکەم ژیانێکی زۆر خۆشمان هەبوو، بەڵام دواتر پیاوێك کە فەرمانبەر بوو لەگەڵمدا وەك شەیتان کەوتە نێوانمان و بەقسەی درۆ



**خیانەتی هاوسەری یەکێکە لەو دیاردانەی کەمێژوویەکی دێرینی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەیە و هەمیشەو لەهەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە، تەنانەت کۆمەڵگە نییە ئەم دیاردەیەی تیادا نەبێت، بەڵام لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جۆر و کات و شوێنی خیانەتکردن دەگۆڕێت.**

**ئەگەر ژنێك خیانەت لە هاوسەرەکەی بکات لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکوژرێت و کەسوکاریشی سەرشۆڕ دەبێت، بەڵام کاتێك کەپیاوێك خیانەت لەژنەکەی بکات هیچی لێناکرێت و تەنانەت بە ئازادی خۆی دەسوڕێتەوە**



لەخشتەی بردم کاری نابەجێی لەگەڵمدا ئەنجامدا و لەڕێگەی راست لامدا. پاشان بەردەوام کاری سێکسمان دەکرد و زۆربەی رۆژەکان من و ئەو پیاوە پێکەوە لەدەوام دەردەچووین و دەیبردم بۆماڵی خۆیان، تا لەئەنجامدا ژنەکەی هەستی پێکردبوو رۆژێك من و پیاوەکە خەریکی کاری بەد رەوشتی بووین و ئەوەندەمان زانی دەرگای ماڵەکەیان لەلایەن دووکەسەوە کراوەیە کەژنەکەی و برای ژنەکەی بوون و کەوتنە لێدان و قسە پێوتنم و لەتاو ئازاری گیانم بەبێ جل و بەرگ هەڵاتم و بە رووت و قوتی کەوتمە کۆڵانەکان هەرچۆنێك بێت خۆم لەدەستیان رزگار کرد، بەڵام منداڵ و هەرزەکاران و ژنانی گەڕەك کەوتنە دوام بەهۆیها کێشان راویان نام هەتا گەیشتمە شۆفێریکی تەکسی سەری خستم. ئەویش داوای کاری سێکسی لیکردم منیش رازی بووم. ئیتر من لەو رۆژەوە ئابڕوی خۆم و هاوسەرەکەم کەسووکارم چوو لەناو خەڵکیدا و پاشان لەلایەن پۆلیسەو دەستگیر کرام. لەکۆتاییدا گەیشتمە ئەم جێبگایە کە وا تێیدام و دان بەوەدادەنێم کە هەڵە بووم. هەر لەوێدا ئافرەتێکی تر کە بەتاوانی خیانەتی هاوسەری حوکمدرابوو ئاماژەی بەوەدا کەئەو هیچ تاوانێکی ئەنجامنەداوە تاوەکو تاوانباربێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کە مێردەکەی تەمەنی زۆر گەورە بووە، ئەم بەناچار پێوەندی لەگەڵ یەکێك لە کوڕە گەنجەکانی دراوسێیاندا هەبووە بۆ تێرکردنی حەزوو ئارەزووەکانی، کە لێی بێبەش بووە. کەچی ئێستا ئەم بەندکراوەو کوڕەکەش بەئازادی دەسوورێتەوە و خەریکی فریودانی خەڵکانی ترە بۆکاری لەشفرۆشی و پێوەندی سێکسی.

حاتوو (ئیلهام) کە لەئەنجامی ئەوەی هاوسەرەکەی خیانەتی لێکردبوو لەدادگا داوای تەڵاقی کردبوو، وای دەبینی بەوەی کە ئەو هەرگیز لەهاوسەرەکەی خۆشنابێت، چونکە خیانەتی لەمکردووە و لەگەڵ ئافرەتێکی دراوسێیاندا پێوەندی سێکسی هەبووە، ئیتر کاتێك کە ئەم بەم پێوەندیەی زانی، داوای تەڵاق و جودابوونەوەی کردووە، ژنەکەی دراوسێشیان بەهەمان شێوە لەلایەن مێردەکەیەوە تەڵاقدراوە، ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە زۆر ئافرەت هەن مێردەکانیان خیانەتیان لێدەکات، بەڵام ئافرەتەکان ناوێرن قسەبکەن و بەبێدەنگی لەژێر دەستی پیاوەکاندا دەمێننەوە.

خاتوو (ڤیان حەسەن)وەك پارێزەرێك ئاماژەی بەوەدا کە هۆکارەکان زۆرن کەوادەکەن کەئافرەتانان خیانەت لەمێردەکانیان بکەن، لەوانە جیاوازی تەمەن و نەگونجاندن و بێهێزی توانا سێکسییەکانی پیاو، بەڵام پیاوان بەبێ هیچ هۆکار و تەنیا بۆئارەزووی خۆیان خیانەت دەکەن، چونکە من رێژەیەکی زۆری ئامار و داتام لەبەردەمدایە کە دەریدەخات پیاوان هۆکاری روودانی خیانەتی هاوسەرین لەکۆمەڵگەی ئێمەدا.